پۆلیسی تورکیا پێنج گومانلێکراوی کاری سیخوڕی بۆ دەزگای هەواڵگری ئێران دەستگیردەکات

میدیا ناوخۆییەکان تورکیا بڵاویانکردەوە، کە پۆلیسی تورکیا ڕۆژی هەینی پێنج گومانلێکراوی دەستگیرکرد بە تۆمەتی کاری "سیخوڕی کردن بۆ دەزگای هەواڵگری ئێران".

ئاژانسی هەواڵی DHA ـی ئیستێنبوڵ بڵاویکردەوە، کە ئەفسەرانی ئەپۆراسیۆنی تورکیا لە ئیستێنبوڵ گەورەترین شاری تورکیا و هەروەها لە ئێنتالیا و مەرسین لە باشوور پێنج کەسیان دەستگیرکردووە بەتۆمەتی پێیوەندی و کاری سیخوڕی بۆ ئێران، هەروەها بگوترێ زانیارییە ناوخۆییەکان "گومانلێکراوەکان زانیارییان لەسەر بنکە سەربازییە گرنگەکان و ناوچەکانی تورکیا کۆکردەتەوە پێش ئەوەی بینێرن بۆ دەزگای هەواڵگری ئێران".

تائێستاش هیچ زانیارییەکی دەستبەجێ لەسەر ڕێگەزنامەی گومانلێکراوەکان لە بەردەستدا نییە.